RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 24th May 2026 Accepted: 28th June 2026 Published online: 20thSeptember2026

The tendency to morphemize a number of dictionary words in Language Kurdish.

Mustafa Hama Abdalrahman[1]
mustafa.hama@uor.edu.krd
[1]Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Rania, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract
The study discusses an important subject in the area of linguistics entitled "The tendency to morphemize a number of dictionary words in Kurdish." It relies on morphological data derivative of the dictionary. Morphology is viewed as the combination of materials, elements, and signs. To put it clearly, this research does not envisage stabilizing of morphological components; rather, it is anticipated that morphological elements are likely to change from a state of independence to a state of subordination, owing to shifts in power and exceptions. To this end, the concept of "tendency" toward this change has been investigated. Thus, all the expectations propose that words essentially become morphological elements, catering to turn out to be bound morphemes. In this way, from Y, which is a partial of judgment circle, they are placed within the circle of judgment and become (X-1), providing as a gateway to receive of exception and choice as two major principles.
In compliance with the study's prerequisites, the samples were analyzed and the data were taken from central Kurmanji. The most remarkable conclusions and results indicate: there is a dictionary word which is in nonconformity of the judgment circle, and when tending to be a morpheme, it is dependent to the same judgment circle, but from X it becomes X-1, and the output is greater and there is more productivity compared to being as a mere morpheme.
Keywords: Dictionary words, Morphemic Bond, base, authority, Exception, The Circle of Judgment.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

مەیلی بەمۆرفیمبونی هەندێك وشەی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا

مصطفى حمه عبدالرحمن[1]
[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە:
توێژینەوەکە بۆ ناونیشانێکی وەک (**مەیلی بەمۆرفیمبونی هەندێك وشەی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا**)، تەرخانکراوە. توێژینەوەکە لەسەر بنەمای زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە داڕێژراوە، کە لە فەرهەنگەوە سەرچاوەی گرتوە. مۆرفۆلۆژی وەک یەکگرتنی پێواژۆ و کەرەستە و توخمەکان لێکدراوەتەوە. بە جۆرێک توێژینەوەکە پێشبینیی جێگیریی کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکان ناکات، بەڵکۆ پێشبینییەکە بۆ ئەوەیە، کە کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکان لە توانایاندا هەیە لە بازنەی سەربەخۆییەوە بەرەو بازنەی بەندێتی بڕۆن، ئەویش لەبەرئەوەی پەیوەست بە دەسەڵات و هەڵاوێرکردنەوە توخمە مۆرفۆلۆژییەکان بگۆڕێت، بۆ ئەوەش زاراوەی (مەیل) بۆ ئەو گۆڕانە تاقیکراوەتەوە. بۆیە پێشبینییەکان بەو چەشنەن، کە وشەکان دەبنە کەرەستەی مۆرفۆلۆژییانە، مەیلی بون بە مۆرفیمی بەندییان هەیە، بەوەش لە (Y)ەوە، کە لە بازنەی حوکمکراودان، دەبڕێن بەرەو بازنەی حوکمکەر و دەبنە (X^{-1})و دەروازەیەك دەبێت بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی هەڵبژاردن و هەڵاوێرکردن، هەر ئەوەش دەرئەنجامی گۆڕینی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکەی دەبێت، کە لە لێکدانەوە، وەك وشەیەکی فەرهەنگیی سەربەخۆ بۆ داڕێژراو/هەڵگوێزراو، وەك مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژ. توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی فەرهەنگ_بنەمایەو بە پێی ڕێبازی پەسنی شیکارییە ئەنجامدراوە. بەپێی پێویستی توێژینەوەکە نمونەکان شیکارکراون، داتاوکەرەستەکانی لە کرمانجیی ناوڕاستەوە وەرگرتوە. گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی بریتین لە: وشەی فەرهەنگیی وامان هەیە بەسەربەخۆیی لە بازنەی حوکمکردندایە، کاتێک مەیلی بە مۆرفیمبون جێبەجێدەکات، هەر لە هەمان بازنەی حوکمکردندا دەمێنێتەوە، بەڵام لە (X) وە دەبێت بە (X^{-1})و ڕاددەی بەرهەمهێنانی لە بون بە مۆرفیمدا زیاتر و بەرهەمدارترە.

کلیلە وشەکان: وشەی فەرهەنگیی، مۆرفیمی بەند، بنکە، دەسەڵات، هەڵاوێرکردن، بازنەی حوکمکردن.

پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بۆ ناونیشانێکی وەك (مەیلی بەمۆرفیمبونی هەندێك وشەی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا)، تەرخانکراوە، سنوری جوگرافی (زاراوەکە) زاری کرمانجی ناوەڕاستە و کەرەستەی توێژینەوەکەش لە هەمان زار وەرگیراون و شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

گرنگی توێژینەوەکە (significance of the study)، لەوەدایە، کە هەوڵدەدات ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆژییانە دەستنیشان بکات، کە تێیاندا وشە سەربەخۆکان (فەرهەنگییەکان) بەرەو بەمۆرفیمبونی بەندیان دەبات، ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی درك بەو پرۆسە مۆرفۆلۆژییانە بکەین، کە دەبنە هۆی دەوڵەمەندبونی فەرهەنگیی زمانی کوردی.

پرسیاری گرنگی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە ئایە مۆرفیمە بەندەکان لەڕوی دیاکرۆنییەوە، واتە لەکۆندا سەربەخۆ بون و دواتر بون بە بەند، چونکە ئەوانیش هێمابون بۆ هێمابۆکراوێک و واتای سەربەخۆیان هەبوە، بە تێپەڕبونی کات و گۆڕانکاریی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی زەمینەی ئەو گۆڕانەیان هێناوەتەکایەوە؟

بە گوێرەی سروشت و پێویستی توێژینەوەکە، پەیڕەوی لە ڕێبازی پەسنی شیکاری کراوە.

توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکییە، بەسەر دو بەشدا دابەشکراوە:

لە بەشی یەکەمدا ناساندنێك بۆ فەرهەنگ و زانیاری فەرهەنگیی و پێکهاتەی زمانی سروشتی مرۆڤ و مۆرفیم و جۆرو تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم و بنکەو جۆرەکانی بنکە کراوە.

لە بەشی دوهەمی توێژینەوەکەدا باسی ئەو وشە فەرهەنگییانە کراوە، کە مەیلی بە مۆرفیمبونیان هەیە لە زمانی کوردییدا، واتە ئەو وشە فەرهەنگییانەی، کە وەک لێکسیمێکی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا تۆمارکراون و توانای بەکارهێنانی سەربەخۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا مەیلیان هەیە ببن بە مۆرفیمی بەند، ئەو بەندییەتەشی لە بازنەی حوکمکرانەوە بەرەو بازنەی حوکمکەر ببات، واتە لە بێدەسەڵاتییەوە بەرەو دەسەڵاتداری ببات، تواناو دەسەڵاتی بەکارهێنانیشیان ببەستریتەوە بە توخمێکی سەربەخۆی فەرهەنگیی دیکەوە. لەم توێژینەوەیەدا بەتایبەت لە بەشی دوهەمی توێژینەوەکە تیشك دەخرێتە سەر (بنکە)، ئەویش ئەوە نیشاندەدات، کە (أ) تێڕوانینی جیاواز بۆ بنکە هەیە، (ب) توێژینەوەکە کار بە مۆرفێم بنەمادەکات، واتە مۆرفێم دەکات بە بنەمای دەسەڵاتداریەتی.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

چوارچێوەی توێژینەوەکە:

بەشی یەکەم: فەرهەنگ و پێکهاتەی فەرهەنگی:

١-١) فەرهەنگ و زانیاری فەرهەنگی:


بێگومان هەمو زمانێك خاوەن فەرهەنگیی تایبەت بەخۆیەتی، هەر گەشەو گۆڕانێك لە زمانەکەدا ڕوبدات، کاریگەری ڕاستەو خۆی بە فەرهەنگی ئەو زمانەوە دەبێت. '' فەرهەنگ لەڕوی ڕێزمانەوە، ئەو یەکە زانیارانەن، کە زانیاریان دەربارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەڵگرتوە، هەروەك فەرهەنگ لەڕوانگەی تیۆری ستانداردی چۆمسکییەوە، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمان، لە بەرئەوە کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمان خاوەنی دروستەی ناوەکی خۆیانن، بەمپێیە فەرهەنگ بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی وشەکانی زمان گەنج/هەڵدەگرێت، بە جۆرێك قسەکەر بەهۆی بیری کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە و ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان فۆرم و واتاکەیدا هەیە و پێڕەوبەندێتی لە بەکارهێنانی ئاوەزیاندا وەها دەکات ئۆتۆماتیکیانە دەستی پێبگاتەوە.(ئەحمد، ٢٠١٣، ١٠). کەواتە توخمە فەرهەنگییەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی لە ئاوەزی مرۆڤەکاندا گەنجکراو و هەڵگیراون، '' فەرهەنگ (Lexicon) پێشخانی کۆزانیاری زمانی مرۆڤە، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە زانیاریە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکییەکان لە فەرهەنگدا هەڵگیراون و ئاخێوەری زمان لە قسەکردندا ئەو زانیاریانە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت. (محوی، ٢٠١٦، ١٢). کەواتە ئاخێوەری زمان لە کاتی پەیوەندیکردندا هەمو پێداویستییەکانی ئەم پەیوەندیکرنە لە فەرهەنگیی ئەو زمانە وەردەگرێت، کە قسەی پێدەکات.

کەرەستە فەرهەنگییەکان یان توخمە فەرهەنگییەکان بەتایبەت مۆرفیمە سەربەخۆکان دەسەڵاتدارن، واتە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە، کە بتوانن بە سەربەخۆیی بەکاربهێنرێن، بەڵام مۆرفیمە بەندەکان ئەبێت بلکێنرین بە وشەیەکی ترەوە یاخود بە کەرەستەیەکی ترەوە بۆ ئەوەی توانای بەکارهێنانیان هەبێت لە زماندا، بەهۆی وشەیەکی ترەوە توانای بەبەرهەمی مۆرفیمە بەندەکان لەهەر زمانێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو مۆرفیمە سەربەخۆیانەی، کە مەیلی بون بە مۆرفیمی بەندیان هەیە، واتە ئەو کات دەبێت هەمان فۆرم بەهۆی لکانی بە وشەیەکی ترەوە دەسەڵاتی بەکارهێنانی پێبدرێت و ئەو مۆرفیمە سەربەخۆیەی کە مەیلی بون بە مۆرفیمی بەندی هەیە توانای بەرهەمداریەتی هەبێت، لە بەشی دوهەمی ئەم توێژینەوەیەدا جێبەجێکردن و سەلماندنی ئەو بابەتە بەدەردەخەین.

١-٢) پێکهاتەی زمانی سروشتی مرۆڤ:

زمانی سروشتی مرۆڤ پێکهاتوە لە فەرهەنگە عەقڵییەکەی و ئەو یاساو دەستورەی، کە بەهۆیەوە ئاخیوەری ئەو زمانە دەتوانێت توخمە فەرهەنگییەکان بخاتە پاڵ یەکتری و ئەو بیرەی کە لە مێشکی دایە بیگەیەنێتە کەسانی بەرانبەری و وبست و ئارەزوەکانی خۆی پێ دەربڕێت. بێگومان توخمە فەرهەنگییەکانیش، هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، کە لە فەرهەنگی ئاوەزی هەمو ئاخێوەرێکی زمانێکی دیاریکراودا هەڵگیراون/ گەنجکراون هەمو زانیاریەکی لەبارەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکی تیدا هەڵگیراوە، بۆیە قسەکەر توانای دەربڕینی وشەکانی پەیوەست بەو بیرەی کە لە مێشکیدایە هەیە. بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١) پێکهاتەی زمانی سروشتی مرۆڤمان نیشاندەدات.

هێڵکاری (١).



(معروف، ٢٠١٢، ٢٦٢).

RJH Raparin Journal of Humanities A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

بەپێی هێڵکارییەکە زمانی سروشتی مرۆڤ پێکهاتوە لە فەرهەنگ و ڕێزمان، ڕێزمانیش هەردو ئاستی (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس) دەگرێتەوە، تۆیژینەوەکەی ئێمەش تەرخانکراوە بۆ ئەو وشە سەربەخۆیانەی، کە مەیلی بون بە مۆرفیمی بەندیان هەیە، کەواتە کارەکەمان لە سنوری ئاستی مۆرفۆلۆژییدا دەبێت، بۆیە پێویست دەکات باسێك لەم ئاستی زمانە بخەینەڕو، کاری سەرەکی مۆرفۆلۆژیی (Morphology) لێکۆڵینەوەیە لە وشە بەشێوەیەکی گشتی. تۆیژینەوەکەمان تایبەتە بە ئەو وشانەی، کە لە مۆرفۆلۆژییدا بەرهەمدەهێنرێن، بەتایبەتتر کارەکەمان لەسەر مۆرفێم بنەمایە، واتە مۆرفێم دەبێتە بنەمای بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بە واتای نوێوە، بۆیە پێویست دەکات ئەرکەکانی مۆرفۆلۆژیی بخەینەڕو.

١-٣) ئەرکی مۆرفۆلۆژیی: (Morphology)

مۆرفۆلۆژیی چەند ئەرکێکی هەیە:

أ- دەستنیشانکردنی کەرستەخاوەکان، واتا پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیی.

ب- چۆنیەتی ڕێزبونی مۆرفیمەکان لە سنوری وشەدا.

پ- دەستنیشانکردنی مۆرفەکان، واتە بەستنەوەی فۆنۆلۆژیی بە مۆرفۆلۆژیی. (دزەیی، ٢٠١٣: ١٨).

١-٣-١) مۆرفۆلۆژیی تیۆری و کارەکی:

دەکرێت مۆرفۆلۆژیی وەك هەر زانستێکی تر، لایەنی تیۆری و کارەکی هەبێت. مۆرفۆلۆژیی تیۆری دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت، کە لە سەرجەم ئەو لایەن و کەرەستەو بابەت و بوارانەی تایبەتن بەو زانستەوە بەشێوەیەکی تیۆری دەکۆڵێتەوە، لە پێناسەکردنیان و ئەرک و جۆر و پێوەندییان بە بوارو زانستەکانی ترەوە، بەتایبەتی بوارەکانی زمانەوانی، لەبەرانبەر ئەوەشدا مۆرفۆلۆژیی کارەکی/ پراکتیکی هەیە، دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت، کە بەشێوەیەکی کارەکی/ پراکتیکی لە بابەت و کەرەستەو بوارەکانی مۆرفۆلۆژیی بەشێوەیەکی کارەکی دەکۆڵێتەوە، ئەویش لەڕێ دیاریکردنی یاسا و نمونە هێنانەوە بەشێوەیەکی کارەکی و بێ ئەوەی بچێتە قوڵایی لایەنی تیۆرییکەیەوە، تەنها لە هەندێك حاڵەت نەبێت، کە بابەتێك یان کەرەستەیەک ڕونکردنەوەیەکی بۆ بەرچاوڕونی خوێنەربوێت. بڕوانە (طاهیر و محمد، ٢٠٢٢، ٣٤٠).

هەردو لایەنی تیۆری و کرداری (پراکتیکی)، لە مۆرفۆلۆژییدا تەواوکەری یەکن و گرنگییەکی هاوسەنگیان هەیە، هەر بۆیە پێویستە بە هەمان ئاست بایەخیان پێ بدرێت. لایەنی کرداری لە ڕێگەی ناسینەوە و شیکردنەوەی بابەتەکانەوە دەردەکەوێت، کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تێگەیشتنی قوڵتر لە تیۆرەکان.

١-٤) مۆرفیم و تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم:

١-٤-١) زاراوەی مۆرفیم:

مۆرفیم شێوەیەکی ئەبستراکتە بەشێکە لە سیستەمی زمان، لە وشەی یۆنانی (morphe)وەرگیراوە بە واتای شێوە دێت، بەرانبەر وشە (form) ئینگلیزی دەوستێت، کە هێمای [ ] بۆ دادەنرێت. وەک: [چاو] [ان] (دزەیی، ٢٠١٣: ٣٧). لە زمانی عەرەبیدا (شکل)ی پێدەوترێت (حەبیب، ٢٠٠٢: ٧٤). زاراوەی مۆرفیم بۆ بچوکترین یەکەی واتایی بەکاردێت، کە وشە پێک بهێنێت وەک خۆی لە بچوکردنەوە نەیەت، بۆ نمونە دەکرێت وشەی (کار) دابەش بێت بۆ (ک،ا،ر)، بەڵام ئەم کەرتانە نە ئەرکی ڕێزمانی نە واتاییان نییە، لەبەر ئەمە هەرشتێک بێت مۆرفیم نین (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٧).

١-٤-٢) مۆرفیم:

مۆرفیم یەکەیەکی واتایی یان ئەرکی زمانە، کەواتە مۆرفیم دەبێت یان واتای هەبێت، یان ئەرکی هەبێت لە زماندا، کەواتە "زاراوەی مۆرفیم بۆ بچوکترین یەکەی واتایی بەکاردەهێنرێت." بڕوانە (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦، ٧). ، مۆرفیم بچوکترین یەکەی زمانە کە واتای هەیە، یان ئەرکی هەیە، هەرشتێك لە بەشەکانی ئاخاوتن واتای هەبێت، ئەوا ئەرکیشی هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەوەی ئەرکی هەبێت واتاشی هەبێت. نمونە وشەی (شەوە) لە دو مۆرفیم پێکدیت، کە لە (شەو+ە) پێکهاتوە وشەی (شەو) واتای هەیەو (ناو)ە، بەڵام (ە) واتای نییەو ئەرکی هەیە ئەویش ئەرکی وشە دارشتنە، واتە هەم فۆرمی گۆڕیوە و هەمیش واتای گۆڕیوە. لێرەوە دەردەکەوێت توخمە فەرهەنگییەکان لە ناوەخنیاندا زانیاری جۆراوجۆریان هەڵگرتوە، زمانەوان بە سەلیقەو پسپۆڕی خۆی هەوڵ دەدات زانیارییەکان درك بکات، بۆیە دۆزینەوەی ئەو وشە فەرهەنگییانەی، کە لە ناوەخنی خۆیاندا ئەو زانیارییەشیان هەڵگرتوە، کە ببن بە مۆرفیمی بەندو لە حوکمکراوە برۆن بەرەو بازنەی حوکمکەر، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە بەشی دوهەم.


پێناسەیەکی تری مۆرفیم: ئەوەیە کە "" هەمو کەرەستەیەکی ڕێزمان بۆ چەند دانەیەکی بچوک شی دەکرێتەوە، کە پێی دەگوترێت مۆرفیم"" (فەتاح، ١٩٩٠، ٧١). لەڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وشە سەربەخۆکان کەرت ناکرێن بۆ دانەی وردتر، ئەگەرچی هەندێك وشە بە ڕوخساردا وا دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی لە فەرهەنگی زمانەکەدا بۆ ئەم واتایە دانراون و

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

یەکەیەکی واتایی سەربەخۆن و کەرتکردنیان دەبێتە هۆی لەدەستدانی واتا بنەڕەتییەکە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە وشە فەرهەنگییە سادەکان داڕشتنێکی پتەو و کۆننکرێتییان هەیە. "" بچوکترین کەرتی پێکهێنەری وشە کە پێوەندی لەگەڵ واتادا هەبێت مۆرفیم/ وشەکە، واتە وشەی ناسادە هەڵئەگرێت لە دو مۆرفیم یان سێ مۆرفیم یان زیادەتر پێکهاتبێت"" (کەرەمی،١٣٩٦/ ٢٠١٧، ٥) بۆ دیاریکردنی توخمە فەرهەنگییەکان بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٢).

هێڵکاری (٢)

دیاریکردنی توخمە فەرهەنگییەکان :-



ئەم هێڵکارییە بە دەستکارییەوە لە (مستەفا حمە عبدالرحمن، ٢٠٢٢، ٢١) وەرگیراوە.

بەپێی ئەم هێڵکارییە توخمە فەرهەنگییەکان بریتین لە مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمی بەند بە هەردو جۆری وشەدارێژو وشە گۆڕ، مۆرفیمی سەربەخۆش دو جۆرە ئەوانیش (وشەی ئەرکی و وشەی فەرهەنگی)ین، لێرەدا بە پێویست دەزانرێت ئەم دوجۆرە بناسێنرێن، چونکە توێژینەوەکە کار لەسەر ئەو وشە فەرهەنگییانە دەکات کە مەیلی بون بە مۆرفیمی بەندیان هەیە، بۆ جێبەجێکردنی بڕوانە بەشی دوهەمی توێژینەوەکە.

١-٤-٣) مۆرفیمی سەربەخۆ: ئەم جۆرەی مۆرفیم دابەشی سەردو جۆر دەبێت، وەك:

١-٤-٣-١) وشەی ئەرکی(Function words):

وشەی ئەرکی، پانتاییەکی بەرفراوانی لە زماندا هەیە، ڕۆڵێکی سەرەکی لە زماندا دەبینێت. وشەی ئەرکی لە ڕیزی مۆرفیمی سەربەخۆدایە، واتە بەشێک لە مۆرفیمە ئازادەکان وشەی ئەرکین. سەبارەت بە وشەی ئەرکی دو بۆچون بەرچاو دەکەوێت، بۆچونی یەکەم/ پێیانوایە وشەی ئەرکی: ئەو وشانەن، کە ڕۆڵی سەرەکیان گوزارشتکردنە لە پەیوەندییەکی ڕێزمانی، جیاوازن لە وشە ناوەڕۆکییەکان، چونکە وشە ناوڕۆکییەکان هەڵگری واتان، (crystal, 2003, 193)، یاخود وشەی ئەرکی ئەو وشانەن، کە گوزارشت لە پەیوەندییەکی ڕێزمانی، یان پەیوەندییەکی لۆجیکی لە ڕستەدا دەکەن (katamba & Stonham, 2006, 42). واتە بۆچونی یەکەم پێیانوایە وشەی ئەرکی ئەو وشانەن لە دەرەوەی ڕستەدا هیچ واتایەکی دیاریکراویان نییە، واتە تەنها ئەرکی ڕێزمانی جێبەجێدەکەن، هەروەها ئەو وشە ئەرکیانە یارمەتی وشە ناوەڕۆکییەکان دەدەن، کە لە ڕستەدا بۆ گەیاندنی واتا، بەڵام بۆچونی دوهەم پێیانوایە، کە وشەی ئەرکی: ئەو وشانەن کە هەڵگری واتایەکی کەمن و هەندێکیان واتایان نییە، ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە گوزارشکردن لە پەیوەندییکی ڕێزمانی، یاخود وشەی ئەرکی ئەو وشانەن بە تەنها کەمێک واتایان هەیە، زیاتر ئەرکیان گوزارشتکردنە لە پەیوەندییەکی ڕێزمانی، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکەوە بەستنەوەی وشەکانی ناو ڕستەدا هەیە بۆ گەیاندنی واتا. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، دەربارەی وشەی ئەرکی دەڵێت: " ئەو وشانەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەیەکی واقیعییەوە نییە و سەربەخۆ ناتوانن وەك ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن، بەڵکو دەوریان یاریدەدانی وشە تەواوەکانی بەشەئاخاوتنە لە بەجێهێنانی ئەرکەکەیاندا، بەتایبەتی لە دەربڕینی واتایانداو پێکەوە بەستنیان لە ڕستەدا"(مارف، ٢٠٠٤، ٧٢). بۆ نمونە:

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

١-نەوزاد بەیانی بۆ گەشت دەچێت.


لەم ڕستەیەدا وشە ناوەڕۆکییەکان بریتین لە: (نەوزاد، بەیانی، گەشت، دەچێت)، وشە ئەرکییەکەی ئەم ڕستەیە بریتییە لە (بۆ)، دەتوانین بڵێین وشەی ئەرکی (بۆ) بەتەنها هیچ واتایەکی نییە، بەڵکو لەم ڕستەیەدا یارمەتی وشە ناوەڕۆکییەکانی داوە بۆ گەیاندنی وتا.

١-٤-٣-٢) وشەی فەرهەنگیی(Lexical words):

وشەی فەرهەنگی، ئەو وشانەن، کە جێگیرن و واتایەکی سەربەخۆ و فەرهەنگی ڕونیان هەیە. بەم پێیە وشە فەرهەنگییەکان لە ناو فەرهەنگەکاندا تۆمارەدەکرێن و هەر لەناو فەرهەنگەکاندا واتایان لێکدەدرێتەوە و بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا پێشاندەدرێن و واتاکانیشیان ئاشکراو دیارە، وەك (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار، ژمارە...)، بڕوانە (طاهر و محەمەد، ٢٠٢٢، ٣٤٢). پێویستە لەناو فەرهەنگەکاندا دەروازەی فەرهەنگیی بۆ هەمو توخمە فەرهەنگییەکان تۆماربکرێت، چ وشەی فەرهەنگی بێت یان وشەی ئەرکی، وە لەگەڵیشیدا مۆرفیمە بەندەکان بە هەردو جۆری وشەدارێژ و وشەگۆڕەکان.

بەڵام گریمانەی ئەوە دەکرێت هەندێک مۆرفیمی سەربەخۆ مەیلی بون بە مۆرفیمی بەندیان هەبێت، واتە مۆرفیمە سەربەخۆکان، کە دەسەڵاتی بەکارهێنانیان بە سەربەخۆیی هەیە، توانای ئەوەیان هەیە ببن بە مۆرفیمی بەندو توانای بەکارهێنانیان بە هۆی مۆرفیمێکی سەربەخۆی ترەوە پێبدرێت. بۆ جێبەجێکردنەکەی بڕوانە بەشی دووەم و بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر بڕوانە هاوکێشەی ژمارە (١).

هاوکێشەی (١).



هاوکێشەکە ئەوەمان نیشاندەدات کە هەندێك لە مۆرفیمە سەربەخۆکانی زمان ئارەزوی، یان مەیلی بون بە مۆرفیمی بەندیان هەیە، واتە مۆرفیمە سەربەخۆکان جگە لەوەی کە بەتەنیا دەسەڵاتی بەکارهێنانیان پێدراوەو بەرهەمدارن لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بە واتای نوێوە، لە کاتی بون بە مۆرفیمی بەندا تواناو دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە، کە هێزو دەسەڵات و هەڵاوێرکردن دەکەوێتە سەر مۆرفیمە بەبەندبوەکە و جارێکی تر توانای بەرهەمهێنانیان هەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە توخمە فەرهەنگییەکان بەتایبەت ئەو مۆرفیمانەی، کە لە سەربەخۆوە مەیلی بون بە بەندیان هەیە دەسەڵاتی جۆرواوجۆرو پێگەی هەمەچەشنیان هەیە، ئەمەش ئەوەمان نیشاندەدات، کە وشە فەرهەنگییەکە بەسەربەخۆیی حوکمکراوە، بەڵام کاتێک کە وەك بەندێك ڕەفتار بکات دەبینین لە چێوەی حوکمکەردایە. بۆ جێبەجێکردنەکەی بڕوانە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

١-٥) بنکەو جۆرەکانی بنکە:

١-٥-١) زاراوە و چەمکی بنکە:

بنکە لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Base)، لە زمانی فارسییدا "(پایە)ی بۆ بەکاردێت، هەروەها لە زمانی کوردییدا زاراوەی جۆراوجۆری وەك (بناغە، بنەچە، بنج، بنکە)ی بۆ بەکارهاتوە، هەرچەندە هەمویان یەك واتاو چەمك دەگەیەنن، بەڵام هەر زمانەوانەو بە جۆرێك باسی کردون و وەك چەمکی جیاواز سەیریان کردون،" بڕوانە (کەرەمی، ١٣٩٦، ٢٠). ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی بنکە بەکاردەهێنین. "بنکە ئەو وشەیەیە، کە مۆرفیمە ڕێزمانی و مۆرفیمە وشەدارێژەکانی لێبکرێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەگوترێت بنکە" (دزەیی، ٢٠١٥، ٣١)، بەپێی ئەم ناساندنەی بنکە بێت، بنکە وشەیەکی سادەیە، کە ئەمەش لەگەڵ زۆرێک لە بنکەکان ناگونجێت، چونکە دەشێت بنکە وشە نەبێت و مەرج نییە گیرەکی پێوەبێت، هەروەها ئاماژە بە بنکەی ناسادە ناکات، لێرەدا تەنها ڕەگ بە بنکە ئەژمارکراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (خدر، ٢٠٢٢، ٣٣).

هەر لەبارەی بنکەوە کاتامبا پێیوایە" ئەو یەکەیەیە، کە دەتوانرێت هەردو جۆرەکەی گیرەکی بۆ زیادبکرێت" (Katamba, 1993, 45)، لەم ڕوانگەیەوە، بنکە یەکەیەکە، کە دەتوانرێت گیرەکی گەردانی و گیرەکی وشەدارێژ وەربگرێت، بەم پێیەبێت دەگونجێت بنکە سەربەخۆ، بەند، سادە، ناسادە بێت، بتوانێت لەگەڵ مۆرفیمێک یان وشەیەکی دیکەدا یەکبگرێت و وشەیەک یان فۆرمەوشەیەکی نوێ ڕۆبنێت، کەواتە دەتوانین بڵێین بنکە یەکەیەکی زمانییە، سەربەخۆ، یان سادە یان ناسادە، یاخود بەندە، کە توانای وەرگرتنی گیرەکی دارشتن یان ڕێزمانی، یاخود بنکەیەکی دیکەی هەبێت و واتایەکی نوێ، یان فۆرمێکی دیکە ڕۆبنێت، پێی دەگوترێت بنکە.

١-٥-٢) تایبەتمەندییەکانی بنکە:

بنکە لەگەڵ بونی ڕای جیاواز لەسەری چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لەوانە:

RJH Raparin Journal of Humanities A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

١- بنکە دەگونجێت وشەیەکی فەرهەنگییە، کە ئەمەش هەمو وشە سەربەخۆکانی وەك (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار، ژمارە،...هتد) دەگرێتەوە، کە لە ڕۆنانی وشەی نوێدا ڕۆڵی بنکە ببینن، هەروەها دەشێت مۆرفێمێکی بەند و ناسەربەخۆ بێت، کە ئەمەش ڕەگی کردار دەگرێتەوە.

٢- بنکە دەبێتە بناغە بۆ بەرهەمهێنانی وشەیەک، یان دروستکردنی فۆرمە وشەیەکی نوێ، بۆ نمونە مۆرفیمی /زان/ کە ڕەگی چاوگی زانینە، لە هەریەك لە وشەکانی (زانا، زانیار، نەزان، لێزان، زانیاری، نەزانی)، ڕۆڵی بنکە دەبینێت.

٣- بنکە بەهۆی گیرەکەکانەوە، کە هەر جارەی بە زیادکردنی گیرەکێکی وشەدارێژ لەسەر بنکەکە لە چوارچێوەی یاسا مۆرفۆلۆژیی و سیمانتیکییەکانی زمان وشەیەکی نوێ بەرهەمدەهێنێت، هەروەها لە ڕێگەی یەکگرتنی لەگەڵ بنکە و وشەیەکی دیکەدا، وشەی نوێ بەرهەمدێنێت.


٤- بنکە هەریەك لە نیشانە ڕێزمانییەکانی وەك (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ، پلەی بەراوردو باڵا) وەردەگرێت و فۆرمە وشەی نوێ ڕۆدەنێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (شوانی ٢٠١٤، ١٧٩).

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر خاڵی یەکەم دەکەین، کە دەڵێت بنکە دەگونجێت وشەیەکی فەرهەنگی بێت، واتە وشە سەربەخۆکانی زمان دەگرێتەوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، دەمانەوێت ئەوە نیشان بدەین، کە چۆن وشە سەربەخۆکان، کە بنکەن بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بە واتای نوێوە و ڕۆنانی فۆرمە وشە، نیشانی بدەین، کە وشە سەربەخۆکان مەیلی ئەوەیان هەیە ببن بە مۆرفیمی بەند و زۆربەیان لە بازنەی حوکمکراوەوە بڕۆن بەرەو بازنەی حوکمکەر، واتە لە (٧) یەوە، کە نیشاندەری تەواوکەری حوکمکراوە، بگوازرێتەوە بۆ (X)، کە نیشاندەری سەری وشەکەیە و دەسەڵاتدارە، بەڵام دەبێت مۆرفیمە بەندەکە کە هەڵگری چەند چەمکێکە یەکێك لە چەمکەکانی بۆ نیشاندانی واتای وشە سەربەخۆکەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت وەك توخمێکی فەرهەنگی دەسەڵاتدار ڕۆڵ ببینێت لە بەرهەمهێنان و ڕۆنانی وشەی نوێدا بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیی زمان. وەك وشە فەرهەنگییەکانی (گەل، خانە، بار،....هتد)، بۆ جێبەجێکردن و نیشاندانی حاڵەتە مۆرفۆلۆژییەکە بڕوانە بەشی دوهەم، لەم توێژینەوەیەدا بەتایبەت لە بەشی دوهەمی توێژینەوەکە تیشك دەخرێتە سەر (بنکە، بناغە، ڕەگ)، ئەویش ئەوە نیشاندەدات، کە (أ) تێڕوانینی جیاواز بۆ بنکە هەیە، (ب) توێژینەوەکە کار بۆ مۆرفێم بنەمادەکات، واتە مۆرفێم دەکات بە بنەمای دەسەڵاتداریەتی بەرهەمهێنانی وشە، هەر ئەمەشە وای لە توێژەر کردوە باس لە مۆرفیم و جۆرەکانی مۆرفیم بکەین، جۆرو شێوەکانی مۆرفیم بخەینەڕو.

١-٥-٣) جۆرەکانی بنکە:

بنکە لە زۆر ڕووەوە نیشان دەدرێت، ئێمە لەڕوی دەرکەوتنەوە جۆرەکانی نیشان دەدەین، کە دەشێت بنکە سەربەخۆ یان بەند بێت، بە شێوەیەکی گشتی بنکە بۆ دوجۆری سەرەکی دابەشدەبێت، وەك لە هێڵکاری ژمارە (٣)دا نیشاندەدرێت. بڕوانە (خدر، ٢٠٢٢، ٣٥).

هێڵکاری (٣)



ئەم هێڵکارییە لە (خدر،٢٠٢٢، ٣٥) وەرگیراوە.

لەم هێڵکارییەدا ئەوە نیشاندراوە، کە بنکە تەنیا وشە سەربەخۆ سادەکان ناگرێتەوە، بەڵکۆ دەشێت بنکە ناسەربەخۆو بەندیش بێت. بۆیە وا پێویست دەکات باس لە هەر یەکێك لە جۆرەکانی بنکە بکەین بۆ زیاتر ئاشنابون بە جۆرەکانی بنکە.

١-٥-٣-١) بنکەی سەربەخۆ:

بە هەمو ئەو وشەو مۆرفیمانە دەگوترێت، کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاردەهێنرێن و واتاو فۆرمێکی سەربەخۆو تەواویان هەیە، لە پێکهێنان و داڕشتنی وشەدا رۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی دەبینن. ئەم جۆرە بنکەیە لەڕوی ڕۆنانەوە بەسەر دو جۆردا دابەشدەبێت، ئەوانیش بنکەی سادە و بنکەی ناسادەن.

١-٥-٣-١-١) بنکەی سادە:

هەمو ئەو وشە سادانەی، کە مۆرفیمی فەرهەنگین و لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، وەك بەشەئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار، ... هتد)، دەگرێتەوە. ئەگەر بەدەر لە زمانی کوردی سەیری زمانەکانی دیکە بکەین بۆ نمونە زمانێکی وەك زمانی ئینگلیزی '' کرداریش بنکەی سادەیە، بەڵام لە زمانی کوردییدا کردار بنکەی سادەی سەربەخۆ نییە، لەبەر ئەوەی کرداری سادە لە کوردییدا نییە'' (فەتاح، ٢٠١٠، ٢٤٤)، چونکە سادەترین کردار بریتییە لە (ڕەگ، کات، کەس)، ئاشکرایە هەمو ڕەگێکی کردار بنکەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی (ڕەگی کرداری ڕانەبردو) لە کوردییدا سەربەخۆ نییە، بۆیە ناچێتە ژێر پۆڵی ئەم جۆرە بنکەوە، لێرەدا مەبەستمان تەنها بنکە سەربەخۆ سادەکانن، کە لە زمانی کوردییدا بەشەئاخاوتنە سادەکانی وەك (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، ژمارە،....هتد) دەگرێتەوە، کە لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و ڕۆنانی فۆرمە وشە ڕۆڵی بنکە دەبینن، وەك ئەم بنکە سادانەی خوارەوە.

ئاسن ⟵ ئاسنگەر، ئاسنین، ...

کوڕ ⟵ کوڕانە، کوڕێنی، ...

شەو ⟵ شەوە، شەوانە، شەوەکی، ...

وەك لە وشە بەرهەمهاتوەکانی سەرەوەدا بەدیاردەکەوێت، وشە سادەکانی(ئاسن، کوڕ، شەو) بنکەن لە وشەکانی بەرانبەریاندا.

١-٥-٣-١-٢) بنکەی ناسادە:

لەبەرئەوەی بنکە دەگونجێت، ''زیاتر بێت لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ، یاخود وشەیەکی لێکدراو بێت''(Bauer, 2004, 32)، بەمپێیە بنکە داڕێژراو یان لێکدراو دەبێت و دەبێتە بەشێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی وشەی بەرهەمهاتودا، بۆیە بنکەی ناسادە بە شێوەی (داڕێژراو، لێکدراو، ئاڵۆز) دەردەکەوێت. وەك لە خوارەوە نیشانیان دەدەین.

١-٥-٣-١-٢) بنکەی داڕێژراو:

ئەم جۆرە بنکەیە لە ببنکەیەك و پێشگرێك یان پاشگرێك پێکدێت، هەموی بەیەکەوە بنکە داڕێژراوەکە دەبێتەوە بنکە بۆ ڕۆنانی وشەیەکی دیکە، وەك ئەم نمونانە.

زانا ⟵ زانایی، بەزانایی، زاناتر...

ناپاك ⟵ ناپاکی، ناپاکانە، ناپاکەکە..

وەك لە نمونەکاندا دیارە، بنکەکانی (زانا، ناپاك) سادەنین، بەڵکو داڕێژراون، وەك بنکە لە وشەو فۆرمە وشەکانی بەرانبەریان ڕۆڵدەبینن.

١-٥-٣-١-٢) بنکەی لێکدراو:

ئەم جۆرەشیان جۆرێکە لە بنکە، کە لە دو بنکە یان دو ڕەگ پێکهاتوە و جارێکی دیکە لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و دروستبونی فۆرمە وشەدا ڕۆڵی بنکە دەبینێت، وەك ئەم نمونانە:

سەربەست ⟵ سەربەستی، سەربەستانە، سەربەستتر، سەربەستترین...

ڕوڕەش ⟵ ڕوڕەشی، ڕوڕەشانە، ڕوڕەشێك، ڕوڕەشەکە... بڕوانە (مارف، ٢٠١٤، ١٠٧).

دەبینین هەریەك لە بنکەکانی (سەربەست، ڕوڕەش) وشەی لێکدراون و بونەوە بە بنکە بۆ ڕۆنانی وشەو فۆرمە وشەی نوێ.

١-٥-٣-٣) بنکەی بەند: (Bound base)

ئەم جۆرەیان لە بنکە، '' مۆرفیمێکی بەندە بە تەنها توانای بەکارهێنانی نییە، لەگەڵ ئەوەی ئەم مۆرفیمە گیرەك نییە، بەڵام بە تەنها بەکار نایەت'' (خدر، ٢٠٢٢، ٣٨)، واتە بنکەی بەند سەرەڕای ئەوەی گیرەك نییە، بۆ تەواوکردنی واتاکەی پێویستی بە پێکهاتەیەکی دیکە هەیە، بە واتایەکی دیکە '' بچوکترین یەکەی واتایی یان ئەرکدارە و دابەش نابێت بۆ یەکەی بچوکتر، هەمو کات ئامادەیە بۆ وەرگرتنی مۆرفیمە بەندە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان'' (هەمان سەرچاوەی پێشو)، واتە ئەم جۆرە لە بنکە، کە بنکەیەکی بەندە

RJH Raparin Journal of Humanities A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website


بەیەکگرتنی لەگەڵ گیرەکە فەرهەنگیی و ئەرکییەکان، یان لەگەڵ بنکەیەکی دیکەدا لە پێکهێنانی وشەیەکی نوێ، یان فۆرمێکی نوێ بەشداری دەکات و رۆڵی بنکە دەبینێت. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخینە سەر ڕەگی کردار، کە وەك بنکەیەکی بەند مامەڵە دەکات و ناتوانرێت بە تەنها بەکار بهێنرێت، بۆ جێبەجێکردنەکەی بڕوانە بەشی دووەم.

بەشی دووەم: مەیلی بە مۆرفیمبونی هەندێك وشەی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا:


٢-١) سەرەتا:

لەم بەشەدا ئەوە دەخرێتەڕو، کە ئایا کام لە مۆرفیمە سەربەخۆکان، یان وشە فەرهەنگییەکان ئەو مەیلە لە ناوەخنیاندا هەیە بۆ بون بە مۆرفێمی بەند، جا چ مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی بێت، یان مۆرفێمی بەندی وشەدارێژ. مەیل وەک بنەمایەکی گۆڕانی زانیاریيە لە فەرهەنگ و ناواخنی توخمەکاندا. پێواژۆکە پەیوەستە بە بەرزبونەوە یان کەچبونی توخمەکەیە، لە نێوان پاڵپشت و باربۆی پێکهاتە ڕێزمانییەکان. کردەکە لەڕوی دیاکرۆنییەوە پێشبینییلێکراوە، ئەویش بەو پێیەی گریمانەکان بەو جۆرەن، کە هەمو مۆرفێمە بەندەکان لە سەربەخۆییەوە بوبنە بەند، چونکە ئەوانیش هێمابون بۆ هێمابۆکراوێک و واتای سەربەخۆیان هەبوە. بە تێپەڕبونی کات و گۆڕانکاریی ژینگەیی و کۆمەڵایەتیی زەمینەی ئەو گۆڕانەیان هێناوەتە کایەوە. گریمانەکە دەستنیشانکردنی پێواژۆی مەیلی بەمۆرفێمبونی/ بەبەندبونە، کە ئەگەرچی زاراوەی بەندی بەسەردا بڕاوە، بەڵام بەندێتییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەبێت بنوسێت. بەڵام سەرەڕای ئەوە، دەسەڵاتدارو هەژموندارێی لە ئەنجامی ئەو پێواژۆیەدا دەستەبەر دەکات. سەرچاوەکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە مۆرفێمەکانی هەڵگواستن لە فەرهەنگدا ئاستی نواندنی (X^{-1})یان هەیەو جڵەوی بەرهەمهێنانی وشە دەگرن. بەندەڕێزمانییەکانیش هاوشێوەی وشە سەربەخۆ هەژموندارەکان(X^{0})ن و هەژمونی سینتاکسییان لە بەرهەمهێنانی فرێزدا هەیە. بڕوانە هێڵکارییەکانی (١)و (٢)

هێڵکاری (١)



هێڵکاری (٢)




هێڵکارییەکان پەیکاڵ بە وشەسەربەخۆکان هەژمونی مۆرفێمە بەندەکان دەردەخات، کە دەربڕی ئەوەیە، کە گۆڕینی فەرهەنگیی و پێکهاتەیی سەربەخۆیەک بۆ بەندێک زیاتر جڵەوەو هەژمونی بەندەکان دەسەپێنێت. ئەویش بەو پێیەی هەڵاوێرکردنی واتایی و دروستەیی دەکەوێتە دەست ئەو بەندانە. لەو دەرئەنجامەدا دەبێت پێشبینییەکان بەو جۆرەبن، کە جێهێشتنی بازنەی سەربەخۆیی بۆ زیادکردنی هەژمونی توخمێکە، کە ڕەنگە توخمە فەرهەنگییەکە لە (Y)ەوە بکاتە (X)، نەک بە پێچەوانەوە. نمونەو بەڵگەکان لەسەر مەیلی بە بەندبونی (گەل) دەهێنینەوە.

١ – (گەل):

وشەکە بۆ نیشاندانی چەمکی کۆ و کۆمەڵە، بۆ ناونانی کۆمەڵێک لە کەس و خەڵکە، بەوەش نیشانەی کۆ بەشێکە لە چەمکی وشەکە، کە دەکرێت پێشبینییەکان بۆ نواندنی کۆ، هاوشێوەی مۆرفێمەکانی تری کۆو کۆکردنەوە، بخوازرێت. (گەل) لە فۆرمی وشەدا لەوانەیە، کە تەواوکەرە(Y)و دەسەڵاتی بەسەردا جێبەجێدەکرێت. نمونەکانی {گەلی کورد}و {گەلی ئازا} و {گەلی وشیار} ئەوە ڕوندەکەنەوە، کە وشەکە لە بازنەی حوکمکردندایەو ئاستی نواندنی (Y)ی هەیە، بڕوانە هێڵکاری (٣)


هێڵکاریی (٣).




گەلی کورد، ئازا، وشیار

چەمکی کۆ لەو ئارگومێنتەدا، مەیلەکەی بۆ بەمۆرفێم و گرتنی جڵەوی واتایی خۆشکردوە، ئەوەش دەروازە بۆ دەسەڵاتداریی و هەڵاوێرکردن دەکاتەوە. نمونە مۆرفۆلۆژییەکانی وەک < کورگەل، سەگگەل، کتێبگەل، دەفتەرگەل، مێزگەل، ڕوداوگەل، ...> ئاستی نواندنی وشەکەیان بۆ (X^{-1}) بردوە، بڕوانە هێڵکاریی (٤)، بەوەش لەناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا بوە بە وشەی دەسەڵاتدار، ئەوەش پێچەوانەی ئاستە سینتاکسییەکەیەتی. لە سەرێکی دیکەوە دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە بەکارهێنانی ئانالۆژییانەی توخمەکە لەسەر یاسای وشە مۆرفۆلۆژییەکانی سەرەوە، یاساو دروستەکەی بەرەو ئازادیی بردوە، ئەوەش مەیلی بە بەندبونێکی ڕێزمانیی پێدابێت. بنەما ئانالۆژییەکە توخمی (گەل)ی پەیکاڵی مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی /ان، ەکان/ی کردوەو ئاستی نواندنەکەی بوتە (X^0)، کە ئەگەرچیی لە گەیاندنی چەمکی کۆدا یەکدەگرنەوە، بەڵام هەریەکەیان بنەمای سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسیی جیایان هەیە. بڕوانە پێواژۆی جێنشینیانەی /گەل، ان، ەکان/ لە نمونەکانی (١)و هێڵکاریی (٥).

هێڵکاریی (٤).




مێ، کوڕ، سەگ گەل



RJH Raparin Journal of Humanities A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

هێڵکاریی (٥)



نمونەو بەڵگە لەسەر مەیلی بەبەندبونی وشەیەکی تری فەرهەنگیی وەك (مەند)، بۆ پێواژۆکە دەهێنینەوە،

٢ – (مەند):


وشەکە بۆ نیشاندانی چەمکی خاوەندارێتیە، واتای هێمنی و لەسەرخۆیی دەداتە پاڵ ئەو ناوەی، کە لەگەڵیدا دیت. گۆڕینی فەرهەنگیی و پێکهاتەیی سەربەخۆیەک بۆ بەندێک جڵەو و هەژمونی بەندەکە دەسەپێنێت. بەو پێیەی هەڵاوێرکردنی واتایی و دروستەیی دەکەوێتە دەست بەندەکە، بەڵام ئەم وشە فەرهەنگییە بە پێچەوانەی وشەی فەرهەنگیی (گەل)، کە لە پێکهاتەی فرێزەکەدا (y)یەو لە مەیلی بون بەبەندبونیدا دەبیت بە (x)، وشەی (مەند) لە پیکهاتەی فرێزدا لە جیکەوتەی (x)دایە بە پێی تیوری (x-bar)، بەڵام لە (x^0)وە دەبیت بە (x^{1-}) بەوەش هەژمون و دەسەڵاتی بەندیەتیەکە دەسەپێنێت. وشە فەرهەنگییەکە خۆی لە خۆیدا بۆ نیشاندانی چەمکی خاوەنێتییە و هەندێك جار بە واتای هیمنی و لەسەر خۆیی دێت. لە نمونەکانی (پیاوی مەند و ئاوی مەند)دا ئەوە ڕوندەکەنەوە، کە وشەکە لە بازنەی دەسەڵات دایەو ئاستی نواندنی (x)ی هەیە، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٦)و نمونەکانی ژمارە(٢).

(٢)

أ-پیاوی مەند. (بە واتای پیاوێکی لەسەر خۆو هێمن و سەنگین دێت، کە وشە فەرهەنگییەکە واتای خاوەنێتی دەگەیەنێت). بروانە (هەنبانە بۆرینەی هەژار موکریانی، ل ٨٣٥).

ب- ئاوی مەند. (بە واتای ئاوی وەستاو دێت، لێرەدا ئاوەکە سیفەتی وەستاوی هەیە و واتە ئاوێکی ڕێژەو نییە).

هێڵکاری (٦)




چەمکی خاوەنێتی لەو پێکهاتانەی سەرەوەدا، مەیلەکەی بۆ بەمۆرفێم و گرتنی جڵەوی واتایی خۆشکردوە، ئەوەش دەروازە بۆ دەسەڵاتداریی و هەڵاوێرکردن دەکاتەوە، نمونە مۆرفۆلۆژییەکانی وەك: (هونەرمەند، بیرمەند، بەهرەمەند، کارمەند، ئارەزومەند، ...هتد)، ئەم مۆرفێمە بەندە وشەدارێژە جگە لە واتای خاوەنێتی هەندێك جار واتای پیشەش دەگەیەنێت، بڕوانە (عەبدوڵا، ٢٠١٣، ٣٧).

بە تێڕامان لەو نمونە مۆرفۆلۆژییانە ئەوە دەردەکەوێت، کە ئاستی نواندنی وشەکەیان بۆ (X^{-1}) بردوە، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٧)، بەوەش لە ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا بوە بە بەندێکی دەسەڵاتداری بەبەرهەم، ئەوەش پێچەوانەی ئاستە سینتاکسییەکەیەتی، چونکە لە ئاستی سینتاکسییدا (X^0)یێکی دەسەڵاتدارە، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا (X^{1-})یەکێکی دەسەڵاتداری بەرهەمدارە. لەسەرێکی دیکەوە دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە بەکارهێنانی ئەنالۆژییانەی توخمەکە لەسەر یاسای وشە مۆرفۆلۆژییەکانی سەرەوە، بنەما ئەنالۆژییەکەی توخمی (مەند)ی پەیکاڵی مۆرفیمە وشەدارێژەکانی **(دار، وان)**ی کردوەو ئاستی نواندنەکەی بوەتە (X^{-1})، کە


RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەگەرچی لە گەیاندنی چەمکی خاوەندارییدا یەکدەگرنەوە، بەڵام بە هەمان شێوەی نمونەی پێشو هەریەکەیان بنەمای سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسیی جیایان هەیە، بڕوانە پیواژۆی جێنشینانەی / مەند، دار، وان/ لە نمونەکانی (٣) و هێلکاری (٨)دا.


هێلکاری (٧).



٣). - بەهرە



هێلکاری (٨)



هێلکاریەکە ئەوە دەردەخات، کە مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکانی / مەند، دار،/ چەمکی خاوەنێتی دەگەیەنن، بەڵام لە (مااداری و هونەرمەند)یدا، چەمکی پیشە دەگەیەنن، هەروەک لە پێشتر گوتمان (مەند)، هەم چەمکی خاوەنداری و هەم چەمکی پیشەش دەگەیەنێت.


هەر لەسەر بابەتی مەیلی بەبەندبونی وشە فەرهەنگییەکان، وشەیەکی تری فەرهەنگیی بۆ پێواژۆکە دەهێنینەوە و پیواژۆیی بەبەندبونی وشەکە لە چەند نمونەیەکدا جێبەجێ دەکەین.

٣ – (خانە).

وشەکە بۆ نیشاندانی چەمکی شوێنە، کە شوێنی کۆمەڵێك لە خەڵک نیشاندەدات، بەوەش نیشانەی شوێن بەشێکە لە چەمکی وشە فەرهەنگییەکە، کە دەکرێت پێشبینییەکان بۆ نواندنی نیشانەی شوێن، هاوشێوەی مۆرفیمەکانی تری شوێن نیشاندان بخوازرێت ، (خانە) لە فۆرمی وشەدا لەوانەیە، کە تەواوکەرە ئاستی نواندنی(٧)هەیە، واتە جێکەوتەی تەواوکەر پردەکاتەوە و دەسەڵاتی بەسەردا جێبەجێدەکرێت، نمونەکانی { خانەی بەسالاچوان} و { خانەی پیران}و {خانەی بێسەرپەرشتان}و {خانەی بێنەوایان}، ئەوە ڕوندەکەنەوە، کە وشە فەرهەنگییەکە لە بازنەی حوکمکردندایەو ئاستی نواندنی (٧)ی هەیە، بڕوانە هێلکاری (٩).

RJH Raparin Journal of Humanities A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website


هێڵکاری (٩).



خانەی بەسالاچوان، پیران، بێسەرپەرشتان


چەمکی شوێن لەو ئارگۆمێنتەدا، مەیلەکەی بۆ بون بەمۆرفێم و گرتنی جڵەوی واتایی خۆشکردوە، ئەوەش دەروازە بۆ دەسەڵاتداریی و هەڵاوێرکردن دەکاتەوە. نمونە مۆرفۆلۆژییەکانی وەك < **کتێبخانە، قەسابخانە، دەرمانخانە، نەخۆشخانە، خەستەخانە، میوانخانە، مۆزەخانە، قونسوڵخانە، سەرتاشخانە، چاپخانە، قاوەخانە، شێتخانە، ... هتد> بڕوانە (**نەرمین عومەر ئەحمد، ٢٠٠٩، ٣٩) ئاستی نواندنی وشەکەیان لە نواندنی (٧)وە بەرەو نواندنی (X^{-1}) بردوە، بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١٠)، بەوەش لەناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا وشەکە لە ئاستی حوکمکراوەوە بوە بە وشەیەکی حوکمکەرو دەسەڵاتدار، ئەوەش پیچەوانەی ئاستە سینتاکسییەکەیەتی.

هێڵکاری (١٠)



خانە کتێب، دەرمان، چاپ

هێڵکارییەکە ئەوە نیشاندەدات، کە دەکرێت پێشبینییەکان بۆ نواندنی نیشانەی شوێن، هاوشێوەی مۆرفیمەکانی تری شوێن نیشاندان بخوازرێت، کە وشەی خانی پەیکاڵی مۆرفیمە وشەدارێژەکانی وەك **/ ستان، دان/** کردوە. بڕوانە نمونەکانی ژمارە(٤)و هێڵکاری ژمارە(١١).




(هەم ناوی شوێنەو هەم بووە بە ناوی تایبەتی).

ئەمیش بوە بە ناوی تایبەتی، بەڵام گوڵزار چەمکی شوێنی تێدایە، کە شوێنی گوڵ بە شێوەیەکی زۆر دەگەیەنێت، واتە ئەم شوێنە گوڵی زۆر لێیە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

هێڵکاری (١١)




٤- (دار).

(دار)، کە ڕەگی ڕانەبردوی چاوگی (داشتن)ە لە زمانی فارسییدا، وشەکە بۆ نیشاندانی چەمکی هەبون و خاوەندارێتییە لە زمانەکەدا، زمانی فارسیش هەروەك زمانی کوردی ڕەگی ڕابرو و ڕەگی ڕانەبردوی هەیە، ڕەگی ڕابردوی بە لێکردنەوەی (ن)ی چاوگ دروست دەبێت، بەهەمان شێوەی زمانی کوردیی و ڕەگی ڕانەبردوی کرداری کوردی، وەك بنەمایەکی مۆرفۆلۆژیی ئەوەیە، کە مۆرفیمی ڕانەبردو و مۆرفیمی کەسی بۆ زیاد دەکەیت دواتر مۆرفیمی ڕانەبردو و جێناوەکەی لێدەکەیتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگی کردارەکەیە، هەروەك زمانی کوردی. (دار) کە ڕەگی کرداری (داشتن)ە، بێگومان هەمو ڕەگێکی کردار هەڵگری زانیاری تەواوی کردارەکەیە، واتە هەمو زانیارییەکانی کردارەکە بە وردودرشتەوە لە ناوەخنی ڕەگی کردارەکەدا هەڵگیراون، جیاوازی ڕەگی کردار لەگەڵ کردارەکەدا تەنیا لە بەکارهێناندایە، ڕەگی کردار بەتەنیا بەکارناهێنرێت.

/دار/ وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ لە زماندا بەکارهێنانی زۆر کەمە، وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، کە بۆ نیشاندانی چەمکی هەبون و خاوەندارێتییە، (دار) لە فۆرمی وشەدا لەو جۆرانەیە، کە حوکم دەکرێت، واتە دەسەڵاتی بەسەردا جێبەجێدەکرێت، نمونەکانی (دارا و نەدار)، کە (دارا)بە واتای هەبو دێت و پاشگری(ا) وەرگرتوە، (نەدار) بە واتای هەژار دێت، دواتر پاشگری (ی)وەرگرتوەو لەم نمونانەدا بەکارهاتوە: وەك: (دارایی کەس) و (دارێی دەوڵەت) و (دارایی حیزب) و (دارایی تاک)دا ئەوە نیشاندەدەین، کە وشەکە ئاستی نواندنی (Y) هەیەو حوکمکراوە، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١٢).

هێڵکاری (١٢)




هەبونی چەمکی خاوەندارێتی و هەبون لە ئارگۆمێنتەکەدا، مەیلی وشەکەی بۆ بون بە مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ و گرتنی جڵەوی واتایی خۆشکردوە، ئەمەش ڕێگا بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و هەڵاوێرکردنی واتایی خۆشدەکات، بە واتایەکی تر ئەم ڕەگی کردارەش، کە (دار)ە لە توانایدا هەیە ببێت بە مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ، وەك (X^{-1}) مامەڵەبکات و وەك " پاشگرێك دەلکێنرێت بە دوای هەندێك ناوەوە، خاوەندارێتی یەکێك دەگەیەنێت بۆ ئەو ناوە" (البصیر ١٩٧٩، ١٤١). وەک ئەم نمونە مۆرفۆلۆژییانە **(دڵدار، دەسەڵاتدار، پارەدار، نازدار، کلیلدار، چەکدار، باڵدار، سەردار، شاخدار، سۆزدار، ڕێزدار،...** هتد). " ئەم پاشگرە لە هەردو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردییدا بەکاردێت، جگە لە خاوەندارێتی واتای پیشەش دەگەیەنێت" (عەبدوڵا، ٢٠١٣، ٣٨). وەك **(دوکاندار، ئاژەڵدار، ...هتد)**. واتە لە بەکارهێناندا زانیاری وشەکەی تێدا هەڵگیراوە، بەڵام (دار)، بەکارهێنانی وەك ڕەگ بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بێ بەرهەمە، بۆیە ڕەگەکە مەیل و خواستنی ئەوەی هەیە، ببێت بە مۆرفیمێکی وشەدارێژ و ئاستی نواندنی


RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

(X^{-1})ی هەبیت و ببێتە توخمێکی بەبەرهەم بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بە واتای نوێوە، توخمەکە لە زماندا جگە لە نیشاندانی چەمکی هەبون چەمکی خاوەندارێتیش نیشاندەدات، نمونە مۆرفۆلۆژییەکانی وەك < **باخدار، دوکاندار، دەسەڵاتدار، سەردار، دڵدار، مەڕدار، پارەدار، ئاژەڵدار، چەکدار، باڵدار، هیوادار، سەرمایەدار، ڕێزدار،** ...هتد> لە نمونە مۆرفۆلۆژییەکاندا مۆرفێمی وشەدارێژی / دار/ ئاستی نواندنی (X^{-1})ی هەیە، بڕوانە نمونەکانی ژمارە (٥) و هێڵکاری ژمارە (١٢).

٥)



هێڵکاری (١٢).




هێڵکارییەکە ئەوە نیشاندەدات، کە توخمەکە بوە بە توخمێکی دەسەڵاتدار و دەسەڵاتی هەڵاوێرکردنی واتایی و دروستەیی هەیە، واتە لە توخمێکی داواکراوەوە بوە بە توخمێکی ئارگۆمێنت داواکەر(predicate)، بەوەش وشەکە لە توخمێکی بێ بەرهەمەوە دەبێت بە توخمێکی بەرهەمدارو دەسەڵاتدار بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ، ئەوەش توخمەکە لە ناچالاکییەوە بەرەو چالاکی دەبات و مەیلی بون بە مۆرفێمی وشەدارێژ، هەژمونی زیاتر بە ڕەگی کرداڕەکە دەدات.

٥-(بار):

لە فەرهەنگیی زمانی کوردییدا، وشەکە بۆ نیشاندانی چەمکی قورسایییەکە، کە لە تواناییدا هەبێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە، بەپێی جۆری کەرەستەکەو هەندێك جاریش واتایەکی نا بەرجەستەی هەیە، وەك (باری سەرشانی قورسە)، ئەم پێکهاتەیە دو دروستەییە، أ- بە واتای ئەوەی ئەو شتەی کە هەڵی گرتوە قورسەو وەزنی زۆرەو، ب- بە واتای ئەوەی گوناهبارەو زوڵمی زۆر کردوەو بۆ ڕۆژی دوایی باری سەرشانی قورسە. کەواتە نیشانەی هەڵگرتن بەشێکە لە چەمکی وشە فەرهەنگییەکە. (بار) لە فۆرمی وشەدا لەو وشانەیە، کە تەواوکەرە (Y)ەو دەسەڵاتی بەسەردا جێبەجێدەکرێت. نمونەکانی {باری سەرشان} و { باری شوتی} و { باری تەماتە} و {باری دار} ئەوە ڕوندەکەنەوە، کە وشەکە لە بازنەی حوکمکردندایەو ئاستی نواندنی (Y)ی هەیە، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١٣).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

هێڵکاری (١٣).




سەرشان، شوتی، تەماتە　　باری

چەمکی قورسایی لەو ئارگۆمێنتەدا، مەیلەکەی بۆ بە مۆرفێمبون و گرتنی جڵەوی واتایی خۆشکردوە، ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، کە دەروازە بۆ دەسەڵاتداریی و هەڵاوێرکردن دەکاتەوە. نمونە مۆرفۆلۆژییەکانی وەك: < **گوناهبار، تاوانبار، غەمبار، ...**هتد> بڕوانە (عەبدوڵا، ٢٠١٣، ٨٣)، ئاستی نواندنی وشەکەیان بۆ (X^{-1}) بردوە، بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١٤)، بەوەش لەناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا بوە بە وشەی دەسەڵاتدار، ئەوەش دەربڕی ئەوەیە بە پێچەوانەی ئاستی سینتاکسی ئاستی نواندنی وشەکەی لە (Y)وە گۆڕیوە بۆ ئاستی نواندنی (X^{-1})، واتە لە ئاستێکی حوکمکراوەوە گۆڕاوە بۆ ئاستێکی حوکمکەر و مەیلی بە بەندبونێکی مۆرفیمی بەندی وشەدارێژی بە وشەکە داوە. بڕوانە نمونەکانی ژمارە(٦) و هێڵکاری ژمارە (١٤).

٦) گوناح
تاوان
غەم
بار

هێڵکاری (١٤)




گوناح، تاوان، غەم　　بار

٦- (باز).

(باز) لە زمانی فارسییدا لە چاوگی (باختن) وەرگیراوە، کە ڕەگی ڕانەبردوی چاوگی (باختن)ە، کە مێژوی ئەم چاوگە لە زمانی فارسییدا دەگەڕێتەوە بۆ زمانی پەهلەوی و ئافێستایی و وەك ناوێکی ڕوداد بونی هەیەو، بڕوانە فەرهەنگی هەژیر (عبدالله پور،٢٠٠٨، ١٦٧)، کە وشەکە بۆ نیشاندانی چەمکێکی وەك (دۆڕاندن، خەریکبون، گیانفیدایی) بەکارهاتوە لە زمانەکەدا، کە بە سەربەخۆیی بەکارهێنانی کەمەو، ئەم ڕەگی چاوگە، کە لە زمانی فارسییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، وەك وشەیەکی سەربەخۆ چالاک نییەو بەرهەمدار نییە، بەڵکو وەك مۆرفیمێکی وشەدارێژ لە زمانەکەماندا بەکاردەهێنرێت و چالاک و بەبەرهەمە بۆ داڕشتنی چەندین وشەی زمانی کوردی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبونی فەرهەنگیی زمانی کوردی.نمونە مۆرفۆلۆژییەکانی وەك: **(سەرباز، گیانباز، چاوباز، دەستباز، کۆترباز، فێڵباز، قوماربار، ...**هتد)، ئەوە نیشاندەدەن، کە ئەم ڕەگی کردارە وەك مۆرفیمێکی وشەدارێژ چالاک و بەبەرهەمە. ئەم مۆرفیمە لەڕوی کۆتوبەندی واتاییەوە زۆرجار ڕەنگ و بۆی (سۆسیۆ لینگویستی/ کۆمەڵایەتی- زمانی) وەردەگرێت، واتە زۆربەی ئەو وشانەی بە (باز) بەرهەمدەهێنرێن، ئاماژەن بۆ شتێک کە مرۆڤ کاتی پێوە بەسەر دەبات، چ وەك: (یاری، فێڵ، خولیا)، بڕوانە هێڵکاری (١٦)

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

هێڵکاری (١٦).



بەپێی هێڵکاری ژمارە (١٦) ئەوە نیشاندەدرێت، کە (باز) وەك ڕەگی چاوگی (باختن) لە زمانی فارسییدا، کە هاتۆتە ناو زمانی کوردی مەیلی بەمۆرفیمبونی بەندی خواستوەو وەك مۆرفیمێکی وشەدارێژ چالاکەو چەندین وشەی نوێی بە واتای نوێوە بۆ داڕشتوین.

ئەنجامەکان

1. مەیلی گۆڕانی وشە فەرهەنگییەکە بەو شێوەیە دەبێت، کە لە بازنەی حوکمکراوەوە بڕوات بەرەو بازنەی حوکمکردن، واتە مەیلی وشەی فەرهەنگی بۆ بون بە مۆرفیمی بەند ڕێگای بۆ وەرگرتنی جڵەوی واتایی خۆشکردوە، ئەوەش دەبێتە هۆی فەراهەمکردنی دەسەڵاتدارێتی و هەڵاوێرکردنی واتایی وشە بە بەندبوەکە.
2. هەندێک لە وشەسەربەخۆکان توانای بون بە مۆرفیمی بەندیان هەیە و لە بەندێتیدا بەرهەمدار و دەسەڵاتدارن.
3. وشە فەرهەنگییە بە بەندبوەکە، دەبێت نیشانەیەك لەو نیشانە واتاییانەی تێدابێت، کە لە وشە فەرهەنگییە سەربەخۆکەدا بۆ چەمکێک لە چەمکەکان تۆمارکراوە لە فەرهەنگدا، واتە بە بەندبوەکە یەکێك لە سیماواتاییەکانی وشەسەربەخۆکەی تێدابێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەهەمان سنوری واتاییدا بمێنێتەوە، وەك وشەی (گەل)، کە یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی (کۆیە)، لە (کوڕگەل) و (مێگەل)دا هەمان نیشانەی کۆ بونی هەیە.
4. وشەی فەرهەنگی وامان هەیە بەسەربەخۆیی لە بازنەی حوکمکردندایە، کاتێک مەیلی بە مۆرفیمبون جێبەجێدەکات، هەر لە هەمان بازنەی حوکمکردندا دەمێنێتەوە، بەڵام لە (X) وە دەبێت بە (X^{-1})و ڕاددەی بەرهەمهێنانی لە بون بە مۆرفیمدا زیاتر و بەرهەمدارترە.
5. هەمو ئەو وشە سادانەی، کە مۆرفیمی فەرهەنگین و لە فەرهەنگی زماندا تۆمارکراون، بە بنکەی سادە هەژمار دەکرێن، بەڵام بنکەی ناسادە و بنکەی بەندیش ڕۆڵێکی دیاریان هەیە لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێدا.

دەرئەنجام

ئەم توێژینەوەیە دەری خستوە، کە زمانی کوردی وەك هەمو زمانێکی زیندوی دیکە، زمانێکی خۆگونجێن و دەوڵەمەند و چالاکە، چونکە توخمە فەرهەنگییەکانی هەڵگری کۆمەڵێ زانیارین لە ناوەخنی خۆیاندا، ئەم زانیاریانەش ئەوە ڕوندەکەنەوە، کە وشەیەکی فەرهەنگی سەربەخۆ لە توانایدا هەبێت ببێت بە مۆرفیمی بەندو لە بون بە بەندبونیدا دەسەڵات و هەژمونی هەڵاوێرکردن بگرێتە دەست، هەروەها نیشانەیەکی بەهێزی میکانیزمی بەرگری و خۆگونجاندنی زمانەکەیە بۆ پرکردنەوەی پێداویستییەکانی ئاخێوەرانی، بەوەش بەرهەمداریەتی وشەکە لە بون بە مۆرفیمی بەنددا زۆر زیاترە وەك لە سەربەخۆییدا.

لیستی سەرچاوەکان:

ئەحمەد، ت. (٢٠١٣). پراگماتیکی فەرهەنگی و بەیەکداچونی پێکهاتەکانی. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.
ئەحمەد، ن. (٢٠٠٩). بەبەرهەمیی لە مۆرفۆلۆژیی کوردییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. بەشی کوردی. زانکۆی سلێمانی.
البصیر، ک. (١٩٧٩). زاراوەی کوردیی. بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
حەبیب، ب. (٢٠٠٢). فەرهەنگی زاراوە. هەولێر: چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کوردستان.
خدر، ئ. (٢٠٢٢). بەبەرهەمیی مۆرفێمی بەندی بنکە لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت. بەشی زمانی کوردی. زانکۆی ڕاپەڕین.
دزەیی، ع. (٢٠١٣). وشەسازی زمانی کوردی. چاپی دوەم. هەولێر: بڵاوکراوەی کتێبخانەی ئاوێر.
شوانی، ر. (٢٠٠٨). ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن. چاپی یەکەم. دهۆک: چاپخانەی خانی.

شێخ ت.، شەهاب و م.، فەیسەڵ (٢٠٢٢). فرەئەرکی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردییدا. مۆرفیمی (لە) بەنمونە. کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد. زانکۆی بەغداد.
عبدالرحمان، م. (٢٠٢٢). دروستەو دەرکردە واتاییەکانی پڕۆسەی لێکدان لە زمانی کوردییدا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.
عبدالله پور، ه. (٢٠٠٨). فەرهەنگیی هەژیر. چاپی یەکەم. دهۆک: چاپخانەی خانی.
عەبدوڵلا، ڕ. (٢٠١٣). فەرهەنگیی زمان و زاراوەسازی کوردی. چاپی دوەم. چاپخانەی چوارچرا.
فەتاح، م. (١٩٩٠). زمانەوانی. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەڵاحەدین.
فەتاح، م. (٢٠١٠). لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان. (کۆکردنەوەی: شێروان حوسێن و شێرزاد قادر). چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
فەتاح، م. و قادر، س. (٢٠٠٦). چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی. هەولێر: چاپخانەی ڕون.
کەرەمی، س. (٢٠١٧). وشە ناسی زمانی کوردی. چاپی یەکەم. چاپخانەی زانستگای کوردستان.
مارف، ئ. (٢٠٠٤). فەرهەنگیی زاراوەی زمانناسی (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی). سلێمانی.
مارف، ئ. (٢٠١٤). ڕێزمانی کوردی (بەرگی یەکەم: وشەسازی، بەشی سێیەم: ئاوەڵناو). هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
مەحوی، م. (٢٠٠٦). ئاوەزداری و ڕێزمانی ناوەڕۆک و وابەستە. چاپی یەکەم. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.
مەعروف، ع. (٢٠١٢). ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسیی کوردییدا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەشی (ب).
موکریانی، ه. (١٩٩٠). هەنبانەبۆرینە (فەرهەنگی کوردی-فارسی). تاران.

Bauer, L .(2004) **.**Adjectives, compounds and Words .Nordic Journal of English Studies ,(1)3 ,pp. 7-22.
Carstairs-McCarthy, A .(2002) **.**An Introduction to English Morphology: Words and Their Structures .Edinburgh: Edinburgh University Press.
Katamba, F .(1993) **.**Morphology .First published in the USA.
Katamba, F & .Stonham, J .(2006) **.**Morphology .Second Edition. Palgrave.